
## ئایا ڤاكسینی كۆرۆنا بە شێوەی سپ

ڤاكسینی كۆرۆنا بە شێوەی دەرزی، هۆكارە بۆ پەیدابوونی ئازار، كە بۆ نزیكەی ١یەك تا دوو ڕۆژ بەردەوام دەبێت، ئەمە وای لە گەلێك كەس كردووە كە دوودڵ بن لە وەرگرتنی ڤاكسین بە شێوەی دەرزی، بەڵكو وەرگرتنی ڤاكسین بە شێوەی سپرای لووت پەسەند بكەن، كە نابێتە هۆی پەیدابوونی ئازار. پسپۆڕانی سیستمی بەرگریی لەش لە زانكۆی ئەلەباما لە بیرمینگهام،

## باوترین نیشانە لابەلاكانی ڤاكسینی فایزەر

پاش وەرگرتنی ڤاكسینی كۆڤید١٩ لە جۆری فایزەر Pfizer-BioNTech لە هەر دوو ژەمەكەدا، چەند زیان، یان نیشانەیەكی لابەلا Side effects پەیدا دەبن، كە بەگشتی سادەن و مایەی نیگەرانی نین. ژەمی یەكەم: كە بە شێوەی ڕێژەیی بریتییە لە ئازار لە شوێنی لێدانی دەرزی ٣٠,٢٪، هەستكردن بە ماندووبوون ٢١٪، سەرئێشە ١٥,٥٪، ئازاری ماسولكە/ ئازاری لەش ١١,٧٪، ئازاری جومگە ٥٪، ئاوسانی شوێنی لێدانی دەرزی ٥٪، لەرز و هەستكردن بە سەرما Chills ٥٪. ژەمی دووەم: ئازار لە شوێنی لێدانی دەرزی ٤٥٪، هەستكردن بە ماندووبوون ٤٧,٣٪، سەرئێشە ٣٧,١٪، ئازاری ماسولكە/ ئازاری لەش ٣٧,٤٪، ئازاری جومگە ٢١,٧٪، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش١٧,١٪، لەرزو هەستكردن بە سەرما ٢٤,٦٪. نیشانەكان وەكو ئەو نیشانە لابەلایانەن، كە لەكاتی تاقیكردنەوە یەك لەدوای یەكەكاندا لەسەر ڤاكسینەكە بەدی دەكران، هۆكاری سەرهەڵدانی ئەم نیشانە، یان زیانە لابەلایانە دەگەڕێتەوە بۆ كاردانەوەی سستمی بەرگریی لەش بەرانبەر بە ڤاكسینەكە. نیشانە لابەلاكان بەگشتی لە ماوەی ٢٤-٤٨ كاتژمێر پاش وەرگرتنی ڤاكسین سەرهەڵدەدەن و، بۆ ماوەی كەمتر لە دوو تا سێ ڕۆژ بەردەوام دەبن، ئینجا بە تێكڕایی پاش یەك هەفتە لە وەرگرتنی ڤاكسین، هەموو شتێك ئاسایی دەبێتەوە و هیچ نیشانەیەكی لابەلا نامێنێت. بە مەبەستی كەمكردەوەی ئازار و دابەزاندنی پلەی گەرمیی بەرز، دەتوانرێت كە دەنكی پاراسیتۆل، یان پروفین وەربگیرێت، بەڵام ئەگەر نیشانەكان بەردەوام و سەختتر بوون، ئەوا پێویست بە سەردانی دكتۆر دەكات.



## ـــــــرای لووت لە دەرزی باشترە؟

چەندین سوودی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆرۆنایان لە ڕێگای لووتەوە Intranasal Covid Vaccine خستۆتە ڕوو، بەراورد لەگەڵ وەرگرتنی ڤاکسین بە شێوەی دەرزی، چەنکە بەکارهێنانی ڤاکسین لەو شوێنەی کە سەرەتا ڤایرۆسی کۆرۆنا پەلاماری دەدات، کە بۆشایی لووتە، هاوکات لەگەڵ پەیداکردنی بەرگری لە چینی لینجی کۆئەندامی هەناسەدا، هەروەها بەرگری لە چەند چین و ئاستێکی ناوپۆشی کۆئەندامی هەناسەدا دروست دەکات. ئامانجی سەرەکیی وەرگرتنی ڤاکسین بریتییە لە بەدەستهێنانی بەرگرییەکی درێژمەودا، بۆیە واباشترە کە تەنیا یەك ڕێگەی وەرگرتنی ڤاکسین نەچەسپێندرێت و هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگای دیکە بدرێت بۆ وەگرتنی ڤاکسین.




## ئایا ڤاکسینی کۆرۆنا بە شێوەی دەنک بەردەست دەبێت؟

ئێستا ڤاکسینی کۆرۆنا تەنیا بە شێوەی دەرزی بەردەستە، بەڵام لەوانەیە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا بە شێوەی سپرای لووت، یان دەنکۆڵە(حەب) بەردەست بێت. لە لێکۆڵینەوەیەکی سویدیدا هاتووە کە لە داهاتوویەکی نزیکیدا ڤاکسینی کۆڤید١٩ بە شێوەی سپرای لووت، یان پاودەر بەردەست دەبێت، کە هەر کەسێك دەتوانێت لەماڵەوە بەکاری بهێنێت، ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی کە وەرگرتنی ڤاکسینی کۆرۆنا ئاسانتر و خێراتر بێت، توێژەران لە هەوڵی ئەوەدان کە نەوەی نوێی ڤاکسینی کۆرۆنا بە شێوەی دەنك یان سپرای لووت Nasal apray بێت. چەند ڤاکسینێکی دیکە بۆنموونە: ڤاکسینی ئیفلیجیی منداڵان سەرەتا بە شێوەی دەرزی بوو، پاشان توانرا کە لەڕێگای دەمەوە بەکاربهێنرێت، کە ئێستا بەردەستە، وا پێشبینی دەکرێت کە نەوەی نوێی ڤاکسینەکان ئاسانتر بێت، تا ڤایرۆسی کۆرۆنا قەڵاچۆ بکەن. شان تەکەر Sean Tucker سەرۆکی کۆمپانیای بایۆتێکی سان فرانسیسکۆ دەڵێت: «دەنکی ڤاکسینی کۆرۆنا وەکو دەنکی ڤیتامین وایە، پێشبینی دەکرێت کە ساڵانە بەکارهێنانی یەك دەنکی ڤاکسین بەس بێت، تا ئێستا قۆناغی یەکەمی تاقیکردنەوە لەسەر دەنکەکە تەواو بووە و، لەم هاوینەدا قۆناغی دووەمیش تەواو دەبێت، لەوانەیە کە بۆ ساڵی ٢٠٢٢ بەردەست بێت، هەروەها وەکو دەنکە ئاساییەکان پێویست بە فریزەر و ساردکردنی زۆر ناکات و، گواستنەوەی بۆ هەموو سووچێکی جیهان ئاسان دەبێت.



# پێویست بە ژەمی سێیەمی ڤاکسینی کۆرۆنا ناکات

ئەو کەسانەی کە ڤاکسینی تەواو واتە دوو ژەم ڤاکسینی کۆرۆنایان وەرگرتووە، بەگشتی لە ئەگەری مردن بە کۆڤید١٩ پارێزراو دەبن، تەنانەت ئەگەر دوچاری جۆری گۆڕاوی دێلتای ڤایرۆسی کۆرۆناش ببن، لێرەدا مەترسی تەنیا لەسەر ئەو کەسانە هەیە کە ڤاکسینیان وەرنەگرتووە. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی جۆری گۆڕاوی دێلتای Delta variant ڤایرۆس کۆرۆنا، کە خێراتر لە جۆرە گۆڕاوەکانی دیکە بڵاودەبێتەوە و، نزیکەی سەرتاسەری جیهانی گرتۆتەوە، لەگەڵ پەیدابوونی جۆری گۆڕای دێلتادا هەندێك سەرچاوە ئاماژەیان بەوە کردووە کە بە وەرگرتنی تەنیا دوو ژەمی ڤاکسین، لەوانەیە خۆپاراستن بەرانبەر بەم جۆرە گۆڕاوە بەدی نەیەت. سەنتەری ئەمریکیی خۆپاراستن و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان CDC، جەختی لەوە کردۆتەوە کە لەم کاتەدا پێویست بە وەرگرتنی ژەمی سێیەمی ڤاکسین ناکات، بۆ ئەو کەسانەی کە دوو ژەمی تەواوی ڤاکسینیان وەرگرتووە. کۆمپانیای پفایزەر بایۆنتێك جەخت دەکاتەوە کە لە لایەنی زانستییەوە، ئەمە گومانی تێدا نییە کە وەرگرتنی ژەمی سێیەمی ڤاکسین، بەرزترین ئاستی خۆپاراستن ئەنجام دەدات. ئاماژە بەمەش کراوە کە واباشە ژەمی سێیەمی ڤاکسین لە ماوەی ٦-١٢ مانگ پاش وەرگرتنی ژەمی دووەم وەربگیرێت.







# کەی ڤاکسینی کۆڤید بۆ منداڵ بەردەست دەبێت؟

ئەوە زانراوە کە بەڕێوەبەرایەتیی خۆرك و دەرمانی ئەمەریکی FDA ڕێگای بە بەکارهێنانی ڤاکسینی پفایزەر دا، بۆ منداڵانی تەمەن ١٢-١٦ ساڵ بەداوە، هەر لەوکاتەوە توێژینەوەکان بەردەوامن بە مەبەستی بەکارهێنانی ڤاکسین بۆ منداڵانی ژێر تەمەنی ١٢ ساڵی. دکتۆر دین بلومبێرگ Dean A. Blumberg سەرۆکی بەشی نەخۆشییە گوازراوەکانی منداڵان لە زانکۆی کالیفۆرنیا، چەختی کرووتەوە کە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان بەکارهێنانی ڤاکسین بۆ منداڵانی تەمەن ١٢ ساڵ یان منداڵانی تەمەن ١١ ساڵ نییە، بەڵام مەسەلەکە بەندە بە دڵنیابوون لە کاریگەری و سەلامەتیی ڤاکسینی کۆرۆنا، هەموو سەرچاوە پزیشکییەکان جەخت لە گرنگیی بەردەستبوونی ڤاکسینی کۆرۆنا بۆ منداڵ دەکەنەوە، هەر لەبەر ئەمەیە کە کۆمپانیای مۆدێرنا و نۆڤاڤاکس Novavax و جۆنسۆن ئەند جۆنسۆن، خەریکی لێکۆڵینەوەن لەسەرە بەکارهێنانی ڤاکسینەکانان بۆ منداڵانی تەمەن ٦ مانگ- ١١ساڵی، هەروەها نەوجەوانانی تەمەن ١٢-١٧ ساڵی، وا پێشبینی دەکرێت کە لەکۆتایی ئەمساڵدا بە تەواوی یەکلابکرێتەوە.





# گرفتەکانی دڵ پاش تووشبوون بە کۆڤید١٩

پاش چاکبوونەوە لە کۆڤید١٩ سەرهەڵدنی گرفتەکانی دڵ چاکبوونەوەکە ئاڵۆز دەکەن، هەندێك نیشانەی وەك دڵەکوتێ، سەرسووڕان، سینگ ئێشە، لەگەڵ هەناسەتەنگی، واتە بوونی گرفت لە دڵدا. ئەمە سەلمێنراوە کە هەوکردن بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەوانەیە کە کاریگەریی نەرێنی بکاتە سەر ماسوولکە و فرمانی دڵ، لە لایەکی دیکەوە، ڤایرۆسی کۆرۆنا کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر ناوپۆشی بۆرییەکانی خوێن، واتە خوێنبەر و خوێنهێنەرەکان، بە شێوەی هەوکردن و ئەگەری دروستبوونی تۆپەڵی مەییوی خوێن Blood clots، کە هۆکارن بۆ کەمبوونەوەی هاتووچۆی خوێن بۆ دڵ و بەشەکانی دیکەی لەش. گەلێك هۆکار هەن بۆ ڕوودانی ئەم گۆڕانانە، خانەکانی دڵ وەرگرەکانی ACE2 لەخۆدەگرن، کە ڤایرۆسی کۆرۆنا پەلاماریان دەدات بەر لە چوونە ناو خانەکان، هەروەها ئاستی بەرزی هەوکردن لە لەشدا لەوکاتەی کە هەر چەند سیستمی بەرگریی لەش بەرەنگاری ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبێتەوە، ئەوا ئەم ئاستە بەرزەی هەوکردن شانەکانی دڵ تێك دەدات. نیشانەچەسپاوەکانی تووشبوون بە گرفتەکان دڵ بریتین لە: هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکیی زۆر، هەناسەڕاوکێ، سینگ ئێشە، هەروەها دڵەکوتێ، هەر یەك لەم نیشانانە لەوانەیە کەپەیوەندیی بە دڵەوە هەبێت، لەگەڵ ئەگەری ڕوودانی نۆرەی دڵ جۆری دووەم Type2 heart attack لە ئەنجامی سترێسی زۆر لەسەر دڵ، وەك خێرابوونی لێدانەکانی دڵ و دابەزینی ئاستی ئۆکسجینی خوێن و کەمخوێنی.